The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

بۆ بەڕێزان
وەزارەتی خوێندنی باڵا
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
سەرۆکایەتی زانکۆی کویە
سەرۆکایەتی زانکۆی کوردستان
سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک

**داواکاری بۆ پێشنیارەکانی شوێن و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵەی شارەزایانی ژینۆساید لە هاوینی 2009 دا.**

لە لایەن IAGS کۆمەڵەی شارەزایانی ژینۆسایدەوە داواکاری بۆ پێشیار بۆ بەستنی کۆنفرانسی داهاتوو لە هاوینی 2009 دا بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە ناردراوە. پێشنیارەکان دەبێ بتوانن ئەو داواکاریانە پڕبکەنەوە کە لە خوارەوەدا ڕیزکراون کە بەکورتی ئەمانەن:

1. ناو و ناونیشان، تەلەفۆن و ئیمایل و گوزارشتی ئەو دامەزراوەی کە بە کاری خانەخوێیی هەڵدەستێت.
2. دابینکردنی شوێن بۆ بەشدارانی کۆنفرانس
3. نەخشەی هۆڵ و ژوورەکانی سمینار و کۆبوونەوەکان و دیارکردنی قەوارە و گەورەییان ( هۆڵێک کە شوێنی زیاتر لە 500 کەس بگرێت، هۆڵی سمینارەکان 80 کەس بگرن)
4. ئامادەکاری گوێگر و پێداویستی ئەلەکترۆنی و وەرگێڕان لە هەموو شوێنەکاندا
5. خواردن و جواردنەوە ئامادەکردن
6. مسۆگەرکردنی شوێ نبو بەشێکی میوانان کە توانای داراییان باش نییە، خەڵات بڕینەوە بۆ قسەکەرە گرنگەکان، خواردن و پشووی قاوەخواردنەوە.
7. خەمڵاندنی نرخی خەرجی تیکتی هاتووچۆی بەشداران لە شوێنی جیاجیاوە
8. ئامادەکردنی گەشت بۆ شوێنی گرنگ و سەرنجڕاکێش
9. هەر هۆیەک کە بەڵگەی بەستنی کۆنفرانسەکە لەو شوێنە بەهێزتر دەکات.

بەکورتی ئەو مەرجانە دەبێ پڕبکرێنەوە و بە وردی ئەوە بسەڵمێندرێت. هەروەها هەروەکو لە حەفتجاری پێشوودا وابووە، پێویستە دەزگاو دامەزراوی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوە وەکو زانستگە بەو کارە هەڵبستن و سەرپەرشتی بکەن.

لەو کۆنفرانسەدا گرنگترین و ناودارترین لێکۆڵەر و شارەزایانی جیهانی بەشدار دەبن. گەر کوردستان بتوانێ پێسنیاری بەستنی کۆنفرانسێکی ئەوها گەورە بکات، بێگومان سوودی زۆر گرنگی بۆ پرسی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی گەلی کورد لە بواری ناساندن و بوارەکانی دیکەوە دەبێت، بابەتەکان دەچنە ئاستێکی بەرزی جیهانی کە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرینی لەسەر دۆزی کورد بەگشتی لە ئێستا و داهاتوو دەنوێنیت.

هیوادارین هەولی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە جیهانییە، بەدەستهێنانی ئەو کۆنفرانسە لە کوردستان سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ گەلکوژی ئەنفال و بارزانیەکان و دەرسیم و کارەساتەکانی دیکە.

لەگەڵ ڕێزماندا
ناوەندی چاک
www.chak.be
chak_org@yahoo.com